# ڕەگەز وەک بگۆڕێکی ئاخاوتنی تاک لە بواریی زمانەوانیدا
# ( بە نموونە“ شێوەزاری سۆرانیی”زمانی کوردی )

م.ی.ساکار عەبدوڵا حەسەن[1] ، م.ی.غفور عارف خضر[2]
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/بەشی باخچەی منداڵان[1]
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/بەشی زمانی کوردیی[2]
[1]sakar.said@univsil.edu.iq
[2]ghafoor.khudhur@univsul.edu.iq

م.ی.ساکار عەبدوڵا حەسەن*

---

**پوختە**

لە ڕوانگەی زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، ڕەگەز تەنها دابەشکارییەکی بایۆلۆژیی نێوان نێر و مێ نییە، بەڵکو وەک "بگۆڕێکی کۆمەڵایەتیی" سەیر دەکرێت، کە کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر هەڵبژاردە زمانییەکان و شێوازی ئاخاوتن هەیە. لە کاتێکدا "جێندەر " ئاماژە بە جیاوازییە فیزیکییەکان دەکات، چەمکێکی کلتووری و کۆمەڵایەتییە کە باس لەو ڕۆڵ و ناسنامانە دەکات کە کۆمەڵگە بۆ تاکەکانی دیاری دەکات.زمان ئامرازێکی بێلایەن نییە، بەڵکو ئاوێنەیەکە بۆ ڕەنگدانەوەی پێگەی هێز و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان. لەم سۆنگەیەوە، جیاوازیی ئاخاوتنی ڕەگەزی وەک ئەنجامی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون لێکدەدرێتەوە، واتە تاکەکان لە ڕێگەی زمانەوە فێردەبن چۆن ناسنامەی ڕەگەزیی خۆیان بنوێنن. ئەم توێژینەوەیە بە دیدێکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، لە چوارچێوەی تیۆرییەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا لێکۆڵینەوە لە دیاردەی "جیاوازیی ئاخاوتنی ڕەگەزیی"لەناو پێکهاتەی گوتاری کۆمەڵگەی کوردیدا دەکات. کێشەی سەرەکیی توێژینەوەکە لە دەوری ئەو پرسیارە دەسووڕێتەوە کە ئایا تا چ ڕادەیەک "ناسنامەی ڕەگەز وەک"بگۆڕێکی کۆمەڵایەتی" کار دەکاتە سەر فۆرم و ناوەڕۆکی زمانەوانیی، توێژینەوەکە بە ڕێبازی پەسنیی-شیکاریی، تیشک دەخاتە سەر نموونە زیندووەکانی زمانی کوردی لە ئاستەکانی (دەنگسازی، وشەسازی، و واتاسازی). وردەکارییەکانی ئەم بەشە بریتیین لە شیکردنەوەی ستراتیژییەکانی داواکاری (ناڕاستەوخۆ بەرامبەر ڕاستەوخۆ)، جۆری سوێندخواردن، فەرهەنگی سڵاوکردن و پرسە. گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە ئاماژەدەدەن بە ئەوەی، کە جیاوازییە زمانییەکان تەنها ڕەنگدانەوەی جیاوازییە بایۆلۆژییەکان نین، بەڵکو گوزارشت لە "پێگەی کۆمەڵایەتی "و "ڕۆڵی ڕەگەز "دەکەن لە ناو کلتوری کوردیدا. هەروەک دەریانخستووە کە ڕەگەزی مێ مەیلی زیاتری بۆ بەکارهێنانی وشەی وەسفی، سۆزداری و پاشگرە ناسککەرەوەکان هەیە، لە کاتێکدا ئاخاوتنی نێرینە زیاتر بەرەو ڕاستەوخۆیی و ئەرکیبوونی زمان دەچێت. توێژینەوەکە بەوە کۆتایی دێت کە زمان لە کۆمەڵگەی کوردیدا ئامرازێکی سەرەکییە بۆ بونیادنانی ناسنامەی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی جیاوازییە ڕەگەزییەکان

**کلیلەوشەکان:** (ڕەگەزی کۆمەڵایەتی، زمانی کوردیی، نواندنی ڕەگەزیی)

---

## 1.پێشەکی

زمان لە جەوهەری خۆیدا تەنها سیستەمێکی نیشانەیی نییە بۆ گواستنەوەی زانیاری، بەڵکو ئاوێنەیەکی زیندووە، کە تێیدا بونیادە کۆمەڵایەتییەکان، پەیوەندییەکانی دەسەڵات و ناسنامە کلتوورییەکان ڕەنگدەدەنەوە. لە چوارچێوەی زمانەوانیی

کۆمەڵایەتیدا، زمان وەک کارگەیەک سەیر دەکرێت کە تێیدا جیاوازییەکانی ڕەگەز نەک هەر دەردەکەون، بەڵکو بەردەوام بەرهەمدەهێنرێنەوە. ئەم توێژینەوەیە لەو خاڵە جەوهەرییەوە دەستپێدەکات کە ئاخاوتن لە لای مرۆڤ، پێش ئەوەی کردەیەکی بایۆلۆجی بێت، نواندنێکی ناسنامەیی و کلتوورییە.

کۆمەڵگەی کوردی، بە حوکمی بونیادە کلتووری و مێژووییەکەی، خاوەن گوتارێکی زمانەوانیی تایبەتە، کە تێیدا سنوورەکانی نێوان نێرینە و مێینە بە ڕوونی کێشراون. لێرەدا زمان وەک "پۆشاکێکی ڕەگەزیی" کاردەکات، تاکەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە، داڕشتنی ڕستە و بەکارهێنانی دەستەواژەکان، پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان دووپاتدەکەنەوە. گرنگیی ئەم بابەتە لە ئەوەدا کورتدەبێتەوە، کە زمان تەنها ئامرازێکی بێلایەن نییە، بەڵکو بارگاوییە بە بەهاکانی پیاوسالاریی، تەبایی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات. بە پشتبەستن بە تیۆرییە هاوچەرخەکانی وەک "نواندنی ڕەگەزی" و "تیۆریی کورتهێنان"، ئەم کارە دەچێتە ناو قووڵایی واتاسازی و پراگماتیکی زمانی کوردی، تاوەکو دەریبخات چۆن زمان وەک پارێزەرێکی کلتووریی، وێنە

باوەکانی ڕەگەز لە ناو هۆشی کۆمەڵگەدا دەچەسپێنێت.لە ئەم سۆنگەیەوە، توێژینەوەکە بە دوو ئاراستەی تەریب هەنگاو دەنێت، یەکەم بە پشکنینی پاشخانە تیۆرییە جیهانییەکان و دووەم بە شیکردنەوەی کارەکیی ئەو دیاردە زمانەوانییانەی کە لە سڵاوکردن، سوێندخواردن و تەنانەت لە پەندە کلتوورییەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، تا بگاتە دەرەنجامێکی زانستی دەربارەی پەیوەندیی ئۆرگانیی نێوان "زمان، ڕەگەز و کۆمەڵگە."گرفتی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لەو گرنگییە زانستییەدا کورتدەبێتەوە، کە لە ڕەهەندە ڕەگەزییەکانی زمانی کوردییدا هەیە. سەرەڕای ئەوەی زمانی کوردی لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بە زمانێکی بێڕەگەز دادەنرێت، بەڵام لە ئاستی پراگماتیکی و واتاسازیدا، جیاکارییەکی قووڵی ڕەگەزیی بەڕێوەدەبات. توێژینەوەکە هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدات: چۆن زمان وەک پارێزەرێکی کلتووریی، وێنە باوەکانی "پیاوسالاری" و "تەبایی کۆمەڵایەتی" لە ناو هۆشی کۆمەڵگەدا دەچەسپێنێت؟ بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکان توێژەر پەنای بردۆتەبەر، ڕێبازی پەسنی- شیکاریی بە ئەو پێیەی ئەم ڕێبازە ڕێگە دەدات بە پشکنینی پاشخانە تیۆرییە جیهانییەکانی وەک "نواندنی ڕەگەزی"ی جۆدیس باتلەر و "تیۆریی کورتهێنان"ی ڕۆبن لاکۆف، و بەراوردکردنیان لەگەڵ واقیعی زمانی کوردیدا. داتا و کەرەستەی کارپێکراوی ئەم توێژینەوەیە لە کۆمەڵێک داتای مەیدانی و کلتووری پێکهاتووە، کە بریتین لە نموونەی زیندووی گفتوگۆی ڕۆژانە (سڵاوکردن، سوێندخواردن، داواکاری).

## 2. شیکردنەوەی چەمکی ڕەگەز لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە

سروشت و ژیربێژیی ژیان و بوون، بوونەوەرانی بەسەر دوو ڕەگەزی نێرومێدا دابەشکردووە، مرۆڤ لە پۆلکردنی دەوروبەری خۆیدا، بە جیاوازی کلتوورەکان پەیڕەوی هەمان دابەشکردنی کردووە. هەر بۆیە مرۆڤ تەنها وەک بوونەوەرێکی بایۆلۆژی نەمایەوە، بەڵکو مانای بەخشی بە ڕەگەزەکان، زۆربەی کلتوورەکان سیفەتی وەک (هێز، ئازایەتی، پاراستن) یان داوەتە پاڵ نێر،(نەرمی، سۆز، پەروەردە) یان داوەتە پاڵ مێ. دابەشبوونی بوونەوەران بۆ دوو ڕەگەز، نەک هەر پێویستییەکی بایۆلۆژییە بۆ بەردەوامیی ژیان، بەڵکو بناغەیەکە، کە مرۆڤ سیستەمە مەعریفی و کلتوورییەکانی خۆی لەسەر بونیادناوە. جێنیفەر کۆتس جەخت لەوە دەکاتەوە کە جێندەر شوناسێکی جێگیر نییە، کە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایکببێت، بەڵکو کردەیەکی بەردەوامە و زمان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە گۆڕینی ڕەگەزی بایۆلۆژی بۆ پۆلێنێکی کلتووریی، (Coates, 2015,4)،ئەم دووانەییە لە زمانیشدا ڕەنگی داوەتەوە، بە جۆرێک زمان وەک ئامرازێکی کلتووریی، ئەو جیاوازییە سروشتییانەی بۆ جیاوازیی ڕەفتاریی و گوتاریی دەگۆڕێت. لە زمانە جیاوازەکاندا، هاوشێوە نەبوونی شێوازی ئاخاوتنی هەردوو ڕەگەز بوونی هەیە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، ئەم ڕێژە جیاوازە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، لە ڕێگەی کۆمەڵێک هۆکارەوە (زمانی و نازمانی)دەگۆڕێت. "هاوشێوە نەبوونی شێوازی ئاخاوتنی هەردوو ڕەگەز لە هەموو زمان و کۆمەڵگەیەکدا وەک یەک نییە، بەڵکو ئەمە دیاردەیەکی ڕێژەییەو دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بونیادی زمانەوانیی زمانەکان لە لایەک و ئاستی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی مێینە لە ئەو کۆمەڵگەیانەدا لە لایەکی ترەوە". ( عەلی، ٢٠١٨، ٢٤) ، بەرجەستەبوونی ئەم جیاوازییە ڕێژەییە لە نێوان ڕەگەزەکاندا، دەرەنجامی کارلێکی نێوان زمان و پەیڕەوە کۆمەڵایەتییەکانە. لێرەدا فاکتەرە دەرەکییەکانی وەک (ژینگەی نیشتەجێبوون، ئاستی خوێندەواری و پێگەی ئابووری)، ڕۆڵی بزوێنەر دەگێڕن لە گۆڕینی ئاستی جیاوازییە گوتارییەکاندا، ئەمەش وا دەکات سنوورە زمانەوانییەکانی نێوان نێر و مێ لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر لەسەر نەخشەی زمانی کوردی گۆڕانکارییان بەسەردابێت.(بڕوانە ئەحمەد ،٢٠١٨)، بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەم جیاوازی ئاخاوتنە ناگاتە ئاستی زمانی جیاوازو بوونی فەرهەنگی جیاوازو لێکتێنەگەیشتن ناهێنێتە ئاراوە، بەڵکو جیاوازییەکە لە چوارچێوەی شێوازی ئاخاوتن و هەڵبژاردنی وشەو دەستەواژەکاندایە، تەنها وەک کۆمەڵێک گۆڕاوی تری وەک (تەمەن، شوێن، چینایەتی، خوێندەواری...هتد)، کە کاریگەری لەسەر زمان هەیە، (کاتێک ژنان و پیاوان لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا دەژین و پێکەوە لە ڕێگەی هەمان زمانەوە پەیوەندی بە یەکەوە دەکەن، خاوەنی فەرهەنگێکن سەرەڕای جیاوازییان لە بەکارهێنانی چەند وشەو دەستەواژەیەک، کە ڕەنگە بەشێکی بچوکی فەرهەنگەکە پێکبهێنن)(محەمەد،٢٠١٣،١٤). بۆ تێگەیشتن لە هەر دیاردەیەکی زمانیی، سەرەتا پێویستە سنورێکی ڕوون بۆ ئەو چەمکانە دابنرێت، کە دەبنە تەوەری سەرەکی باسەکە، لە پرسی جیاوازی ئاخاوتنی ڕەگەزدا دوو چەمکی سەرەکی هەن، کە زۆرجار تێکەڵ بەیەکتر دەبن ئەوانیش (ڕەگەزی بایۆلۆجی)و(ڕەگەزی کۆمەڵایەتی)ن.

### 2.1 ڕەگەزی بایۆلۆجیو جیاکاریی زانستی

مەبەست لە وشەی ڕەگەز جۆری مرۆییە، کە نێرو مێ دەگرێتەوە، کە لە هەندێک لە خەسڵەتەکاندا هاوبەشن، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییان هەیە، لە ئەم بوارەدا وشەی ڕەگەز جۆری بوونەوەرەکانە کە سروشت بە پێی ڕەگەز جیاکاری بۆ کردوون، کە لە هەندێک تایبەتمەندی هاوبەشن و لە هەندێکی تر جیاواز، وەک لە قورئاندا ئاماژەی بۆ کراوە (و لیس الذكر كالأنثى)(ال عمران،اية ٣٧)، هەر یەکەیان خاوەن سیماو جیاکەرەوەی تایبەت و پێکهاتەی ئەندامیی جیایە لە ئەوی تر (عبدالحميد،١٩٩٨، ٢)، ئاماژەیە بۆ ئەو جیاوازییە بایۆلۆجی و فیزیکییانەی، کە ڕەگەزی نێرو مێ لە یەکتری جیادەکەنەوە، ئەمانەش جیاوازی جێگیرن و پەیوەندییان بە پێکهاتەی ئەندامییەوە هەیە، (ڕەگەز لە زمانەوانیی و فەرهەنگدا، بریتییە لە ئەو جیاوازییە زگماک و سروشتییانەی، کە لە نێوان نێرو مێدا هەن بە تایبەتیش لە جیاوازییە جەستەییەکاندا،(حوسین،٢٠٢٣: ٦٣٨)، لەگەڵ ئەمانەشدا جیاوازییە جەستەییەکان بەدەر نین لە کاریگەریی لەسەر لایەنی زمانەوانی وەک ئاوازەی دەنگ، بەهۆی جیاوازی لە قەبارەو تایبەتمەندی دەنگەژێکان و گەرووەوە لە نێوان نێرو مێدا، واتە (جیاوازی تۆنی ئافرەت و پیاو جیاوازییەکی جەستەییە، جیاوازیی لە ئەنجامدان -الآداء- لە زمانی جەستە، پلەی دەنگ و وشەو

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12304]
- **Submission Date:** [09/02/2026], **Revised Date:** [09/02/2026], **Accepted Date:** [17/03/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

دەربڕینەکان هەندێک دەنگ و دەربڕینی سەرسوڕمان هەیە)(سەرچاوەی پێشوو)

## 2.2 ڕەگەزی کۆمەڵایەتیی و ژینگەیی پەروەردەیی

مەبەست لە جیاوازی ڕەگەزیی، جیاوازی کۆمەڵایەتییە کە دروستکراوی مێژووی مرۆڤایەتی، بارودۆخی کۆمەڵایەتی، لایەنی دەروونیی، ئاستی ئابووری، سروشتی پێکهاتەی هەردوو ڕەگەزن، چەمکێکی کۆمەڵایەتی و کلتوورییە، (ڕەگەزی کۆمەڵایەتی چەمکێکە ئاماژە بە ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتیی و کلتوورییانە دەکات کە بۆ هەر یەک لە نێر و مێ دیاریکراون، ئەم چەمکە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە و بەپێی تێپەڕبوونی کاتیش گۆڕانکاریی بەسەردا دێت). (حوسێن، ٢٠١٠، ١٤) ئەم بۆچوونە جەخت لەسەر سێ ڕەهەندی سەرەکی دەکاتەوە، لە لایەک ڕۆڵی کلتووریی نیشانی دەدات کە جیاوازیی نێوان نێر و مێ تەنها بایۆلۆژی نییە، بەڵکو کلتوور دایدەڕێژێت. لەلایەکی تر ئاماژە بە ئەوە دەدات، کە ئەوەی لە کۆمەڵگەیەکدا بە پیاوانە یان ژنانە دادەنرێت، مەرج نییە لە کۆمەڵگەیەکی تردا هەمان شت بێت، هەروەک ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە زمان و ڕەفتاریی ڕەگەزیی شتێکی چەقبەستوو نین و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی سەردەمدا دەگۆڕێن.لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە (ڕەگەز بریتییە لە واتای لێکدراوی پەیوەست بە مێبوون یان نێربوون، ئەو وشەو لێکدراوانەش لە تاکێک بۆ یەکێکی ترو لە کۆمەڵێک بۆ کۆمەڵێکی تر دەگۆڕێت) (نەسرین زرار،٢٠١٢: ٣٠٧). کەواتە پەروەردەو کلتورو ئایین و....هتد کۆمەڵێک ڕەفتارو ڕۆڵ بۆ مرۆڤ دەستنیشاندەکەن، کە دەرئەنجامەکەی بریتییە لە پێکهێنانی ناسنامەی ڕەگەزیی و ڕۆڵە ڕەگەزییەکانی پێدیاریدەکرێت. پێویستە جیاکارییەکی ڕیشەیی لە نێوان ڕەگەزی بایلۆجیو ڕەگەزی کۆمەڵایەتیدا بکرێت، ڕەگەزی بایلۆجی وەک سیستمێکی سروشتی و زگماکی، چەمکێکی جێگیر و نەگۆڕە، کە لەسەر بنەمای جیاوازییە فیزیکییەکان بونیادنراوە، بەڵام ڕەگەزی کۆمەڵایەتی بەرهەمێکی کلتووری و پەروەردەییە، کە بەردەوام لەژێر کاریگەریی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیی و کلتوریی و پەروەردەییەکاندا گەشە دەکات و دەگۆڕێت. باشترین نموونە لە ئێستادا بۆ ئەم گۆڕانی شێوازی ئاخاوتنی مێینەی کوردە، بە بەراورد لەگەڵ پەنجا ساڵ پێش ئێستادا، لە کاتێکدا سیفەتە بایلۆجییەکانی ئافرەتی کورد وەک خۆیان ماونەتەوە، بەڵام گۆڕانی پێگەی خوێندەواریی، ئابووریی و سیاسی وایکردووە کە کۆدە زمانییەکانی مێینە لە زمانیماڵداری و سۆزدارییەوە بەرەو زمانی گشتی، بڕیاردەر و فەرمی گەشە بکەن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە زمان تەنها ڕەنگدانەوەی جەستە نییە، بەڵکو ئاوێنەی ئەو ناسنامە کۆمەڵایەتییەیە، کە کلتوور لە سەردەمێکی دیاریکراودا بەرهەمی دەهێنێت.

## 2.3 تیۆرەکانی زمان و ڕەگەز لە گۆشەنیگایی زمانەوانی کۆمەڵایەتییەوە

لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان زمان و ڕەگەز، لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەوە بووە یەکێک لە کایە هەرە گرنگەکانی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، ئەم بابەتە بە چەند قۆناغێک گەشەی سەندو لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیری ئاخاوتنە جیاوازەکانی ڕەگەزی نێرومێ دەکەن. هەر لەئەم ڕوانگەیەوە چەندین تیۆر بۆ شیکردنەوەو لێکدانەوەی ئەم بابەتە هاتنە ئاراوە، لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێدراوە:

**یەکەم: تیۆری کەموکورتیو زمان بەکارهێنان**

سەرەتای گۆڕاکارییە بنەڕەتییەکان لە ئەم بوارەدا بۆ کارەکانی (ڕۆبن لاکۆف) دەگەڕێتەوە، لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (زمان و پێگەی ژن)، باس لە ئەوە دەکات، کە ژنان خاوەنی شێوازێکی تایبەتی ئاخاوتنی خۆیانن، کە بە (زمانی ژنانە) ناویدەبات، بەپێی بۆچوونەکەی (لاکۆف) زمانێکە، کە تایبەتمەندی (گومان و لاوازیی) پێوە دیارە(Lacoff,1975,7). هەر بەپێی ئەم تیۆرە چەند تایبەتمەندییەکی ئاخاوتنی ڕەگەزی مێ دەستنیشان دەکات وەک: ڕەگەزی مێ بۆ دوورکەوتنەوە لە بڕیاردانی ڕەهاو پێویستیی بەردەوامیان بۆ پشتگیرییان لە لایەن کەسی بەرانبەرەوە، پەنا بۆ بەکارهێنانی (کلکەپرسیار) لە ئاخوتنەکانیاندا دەبەن، وەک (وانییە؟)، هەروەها دووبارەکردنەوەی دەستەواژەکانی (وابزانم، تاڕادەیەک، پێدەچێت) وا دەکات، کە ڕەگەزی مێ وەک ئاخێوەرێکی خاوەن دەسەڵات و بڕیاری سەربەخۆ دەرنەکەوێت.( Coates,1975,105) هەروەها دوورکەوتنەوەی ڕەگەزی مێ لە بەکارهێنانی (وشەی زبرو جنێودان) کە پەیوەندی بە کۆمەڵێک هۆکاری پەیوەست بە کۆمەڵگەو کلتوورەوە هەیە، وایکردووە کە ڕەگەزی مێ زیاتر پەنا بۆ شێوازی خواستی دەربڕین ببات. (Lacoff,1975,7).

**دووەم: تیۆری باڵادەستییو ڕەنگدانەوەی لە ئاخاوتندا**

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرەدا، جیاوازی ئاخاوتنی هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ، وەک دەرئەنجامی نایەکسانیی لە دابەشکردنی دەسەڵات لە هەردوو ڕەگەزدا دەبینرێت، لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، توێژەرانی وەک (دەیڵ سپێندەر) ڕەخنەیان لە تیۆرییەکەی لاکۆف گرت، چونکە پێیانوابوو، کە جاوازییەکە بە تەنها لە خودی شێوازی ئاخاوتنی ڕەگەزی مێدا نییە، بەڵکو لە ئەو سیستەمە پیاوسالارییەدا هەیە، کە داڕێژەری زمانەکەیە، بۆیە بەپێی ئەم تیۆرە، ڕەگەزی نێر زمان وەک ئامرازێکی دەسەڵات بەکاردەهێنن بۆ کۆنترۆڵکردن و پەراوێزخستنی ڕەگەزی مێ (Spender,1980,76-80) بۆ نموونە توێژینەوەکان دەریانخستووە، کە ڕەگەزی نێر لە ئەو گفتوگۆ تێکەڵانەدا، کە هەردوو ڕەگەز تێیدا بەشدارن زیاتر قسە دەبڕن و کاتەکانی گفتوگۆ بۆ خۆیان دادەبڕن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی باڵادەستی ڕەگەزی نێرە لە کۆمەڵگەدا ( Zimmerman and West,1975,115).

**سێیەم: تیۆری جیاوازیی ژیانەوە**

لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوودا، (دێبورا تانین) لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی (تۆ تەنها تێناگەیت) پێیوایە، کە پەیوەندی نێوان هەردوو ڕەگەز وەک پەیوەندی نێوان دوو کلتووری جیاواز وایە، نێرو مێ لە منداڵییەوە لە دوو جیهانی جیاوازدا پەروەردە دەبن، هەر بۆیە ئامانجیشیان لە

گفتوگۆکردن جیاوازە، (پێویستە لە ناخی دڵمانەوە وردبینەوە لەو جیهانە جیاوازانەی کە ژنان و پیاوان تێیدا دەژین، تەنانەت ئەگەر لە هەمان گەڕەک، لە هەمان کۆڵان یان لە هەمان ماڵیشدا گەورە ببن، کچان و کوڕان لە ناو جیهانە جیاوازەکانی وشەدا پەروەردە دەبن). ( Tannen, 1990,42)، جیاوازی ئامانجەکانیش لە ئەوەدا دەردەکەوێت، کە ڕەگەزی نێر زمان بۆ گواستنەوەی زانیاری و پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی و مەیلیان بۆ سەربەخۆیی بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا ڕەگەزی مێ زمان بۆ دروستکردنی پەیوەندی و نزیکایەتیی بۆ کارکردنی بە کۆمەڵ و نزیکایەتییە.

**چوارەم: تیۆری نواندنو ناسنامە:**

ئەم تیۆرە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە تێگەیشتنی پەیوەندی نێوان زمان و ڕەگەزدا دروستکرد، بەوەی ڕەگەز وەک ناسنامەیەکی پێشوەختە و جێگیر نابینێت، بەڵکو وەک "کردەیەکی بەردەوام" وێنای دەکات. بەپێی دیدگای جودیس بەتلەر، ڕەگەز شتێک نییە مرۆڤ هەیبێت، بەڵکو شتێکە، کە لە ڕێگەی زمان و ڕەفتارەوە دەینوێنێت. لێرەدا زمان ڕۆڵێکی بونیادنەر دەگێڕێت، لە ئەم ڕوانگەیەوە (زمان ئەو ئامرازەیە کە لە ڕێگەیەوە کچێک فێردەبێت چۆن کچانە بدوێت و کوڕێک فێردەبێت چۆن پیاوانی بدوێت تا وەکو لە کۆمەڵگەوە قبوڵ بکرێن) (مەحوی،٢٠٠٥، ٧٧). ئەمە بەو مانایەیە کە جیاوازییە زمانییەکانی نێوان نێر و مێ نەک هەر ڕەنگدانەوەی ڕەگەز نین، بەڵکو خودی ئەو ئاخاوتن و نواندنە زمانیانەن، کە ناسنامەی ڕەگەزیی تاک لە ناو سیاقی کۆمەڵایەتیدا دروست دەکەن و بەردەوامیی پێ دەدەن. بە ئەم پێیە، مرۆڤ بە بەکارهێنانی ئەو کۆدە زمانییانەی کە کۆمەڵگە بۆ ڕەگەزەکەی دیاری کردووە، شوناسی ڕەگەزیی خۆی دەسەلمێنێت.

**پێنجەم: تیۆری زگماکی لە ئاخاوتندا**

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە جیاوازییە زمانییەکانی نێوان نێر و مێ سەرچاوەیەکی بایلۆجی و بۆماوەییان هەیە و دەرئەنجامی گەشەی زگماکیی مێشکن. بەپێی ئەم تێڕوانینە، پێکهاتەی فیزیکیی کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر شێوازی وەرگرتن و بەکارهێنانی زمان هەیە ، بە جۆرێک کە ڕەگەزی مێ زگماکانە خاوەن توانایەکی بەرزترن لە لایەنی زمانەوانی و هاوسۆزیی کۆمەڵایەتیدا، لە کاتێکدا ڕەگەزی نێر زیاتر بەرەو زمانی لۆجیکی و سیستەماتیک مەیلیان هەیە. وەک زانای دەمارزانی (Brizendine,2006,13)، لە کتێبی "The Female Brain"ئاماژەی پێ دەدات، جیاوازییە بایلۆجییەکان لە ناوەندەکانی ئاخاوتن و بیستن لە مێشکی ژناندا وادەکات، کە ئەوان ڕۆژانە ڕێژەیەکی زۆرتر وشە بەکاربهێنن و زیاتر گرنگی بە وردەکارییە زمانییەکان بدەن، ئەمەش وەک سیفەتێکی بنەڕەتی دەبینرێت، کە پێش کاریگەریی کلتوور و کۆمەڵگە لە مرۆڤدا بوونی هەیە. (جیاوازی پێکهاتەی مێشکی ژن و پیاو بە یەکێک لە هۆکارەکانی جیاوازی قسەکردن دادەنرێت لە نێوانیاندا). (Rebecca Norman,2005,10).

## 2.4 ڕەگەز لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا

ڕەگەز (جێندەر) بریتییە لەو ناسنامە کۆمەڵایەتییەی، کە ئاخێوەر لە ڕێگەی زمانەوە بەرهەمی دەهێنێت تاوەکو وەک (نێر) یان (مێ) لە ناو ژینگەی کلتووریدا بناسرێت. لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە، جێندەر نەک هەر جیاوازییەکی بایۆلۆژی نییە، بەڵکو کۆمەڵێک بونیادی ڕەفتاریی زمانەوانییە، کە کۆمەڵگە دایدەڕێژێت. (جێندەر پەیڕەوێکی نیشانەییە، کە تێیدا جیاوازییە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی نێوان نێر و مێ بەرهەم دەهێنرێتەوە، زمانیش ئامرازی سەرەکییە بۆ نواندن یان شاردنەوەی ئەم ناسنامەیە) .(Eckert, 2013,2)، لە ئەم سۆنگەیەوە، جیاوازیی جیهانبینی و ئەو ئامانجانەی، کە نێر و مێ لە ژیانی ڕۆژانەدا پەیڕەوی دەکەن، دەبنە سەرچاوەی سەرەکیی گۆڕانی ستایلی ئاخاوتنیان .لێرەدا زمان وەک یەکێک لە کەرەستە بنەڕەتییەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجە جیاوازانە بەکاردێت، بە جۆرێک پیاوان زمان بۆ چەسپاندنی (پێگە و دەسەڵات) بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا ژنان وەک پردێک بۆ بنیاتنانی (پەیوەندی و هاوسۆزی کۆمەڵایەتی) دەیبینن.

لە زانستی زماندا دەبێت جیاوازی لە نێوان (ڕەگەزی ڕێزمانی) و (ڕەگەزی کۆمەڵایەتیی)دا بکرێت، (ڕەگەز لە زماندا دوو جەمسەری هەیە، یەکێکیان فۆڕمییە (ڕێزمانیی)، کە بریتییە لە پۆلێنکردنی ناوی نێرو مێ، ئەوی تریان کۆمەڵایەتییەو پەیوەستە بە ئەو شێوازە جیاوازەی نێرو مێ لە کۆمەڵگەدا پێیدەدوێن. بە ئەم پێیە ڕەگەز لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، بریتیی نییە لە تەنها دابەشکارییەکی فیزیۆلۆجی، بەڵکو (جۆری کۆمەڵایەتیی) پرۆسەیەکی بەردەوامی نواندنە، کە تێیدا لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە، تۆنی دەنگ، داڕشتنی وشە، شوێنگەی خۆی لە ناو هەرەمی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتیدا دیاریدەکات. (جێندەر لە لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکاندا وەک کاتیگۆرییەک سەیر دەکرێت، کە دەکرێت لە ڕێگەی جیاکارییە فەرهەنگییەکان، یان مۆرفۆلۆژییەکان یان کۆمەڵایەتییەکان لە ناو زماندا بەرجەستە ببێت) .(ئەحمەد، ٢٠٢٣، ٤٤).

ڕەگەز لە زمانەوانیدا بریتییە لە بگۆڕێکی کۆمەڵایەتی فرەڕەهەند، کە تێیدا جیاوازییەکانی نێوان ئاخاوتنی نێرو مێ لە ئاستە جیاوازەکانی زماندا (دەگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، واتاسازی) ڕەنگدەداتەوە، ئەم چەمکە لە زمانەوانیدا لە ڕەگەزی بایۆلۆجی جیادەکرێتەوە بەوەی کە ڕەگەزی زمانەوانی بنیاتێکی کلتوورییەو لە ڕێگەی کۆمەڵایەتیبوونەوە بەدەستدەهێنرێت، نەک بە زگماکی. بەڵام ڕەگەزی کۆمەڵایەتی بریتییە لە، ئەو بونیادە کلتووری و کۆمەڵایەتییەی کە کۆمەڵگە بۆ ناسنامەی نێر و مێ دایدەتاشێت. ئەگەر بایلۆجیا تەنها جیاوازییە جەستەییەکان دیاریدەکات، کەواتە ڕەگەزی کۆمەڵایەتی گوزارشتە لە ئەو ئەرک وڕەفتارو کۆدە زمانییانەی کە تاک لە ناو کلتووردا فێری دەبێت. بەپێی دیدگای زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، ڕەگەز دیاردەیەکی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps:**//sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12304]
- **Submission Date:** [09/02/2026], **Revised Date:** [09/02/2026], **Accepted Date:** [17/03/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

جێگیر نییە، بەڵکو لە ڕێگەی گوتار و زمانەوە بەردەوام بەرهەمدەهێنرێتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا دێت (حسێن، ٢٠١٨؛ فەتاح، ٢٠١٠).
لە زمانی کوردیدا ئەم چەمکە ئاماژەیە بۆ پۆلێنکردنی ناو بۆ (نێرو مێ) لەسەر بنەمای نیشانەی زمانیی، لە ئێستای زمانی کوردیدا ئەم دۆخە بەپێی شێوەزارەکان دەگۆڕێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەکەم: شێوەزاری کرمانجی سەروو: ڕەگەزی ڕێزمانیی بە زیندوویی ماوەتەوە، ناوەکان پۆلێن دەکرێن و پۆلکردنەکە کار دەکاتە سەر (ئاوەڵناو، جێناو، ئامرازەکانی ناساندن)

1.ناوی نێر :نموونە (برایێ مەزن)

لە نموونەی ژمارە (١)دا: مۆرفیمی (ێ) بریتییە لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکە کە بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت.

2.ناوی مێ :نموونە (خویشکا مەزن )

لە نموونەی ژمارە (٢)دا: مۆرفیمی (ێ) بریتییە لە مۆرفیمە ڕێزمانییەکە کە بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت.

3.ئاماژە بۆ نزیک:

أ. ئەڤە: بۆ نێر و مێ (هاوبەشە لە کاتی بکەرییدا).

ب.لە باری دانەپاڵدا :

- بۆ نموونە: من ڤی نانی خوار. (ڤی) بۆ ڕەگەزی نێر.
- بۆ نموونە: من ڤێ سێڤێ خوار. (ڤێ) بۆ ڕەگەزی مێ.

4.ئاماژە بۆ دوور:

أ. وی: بۆ نموونە: من وی دبینم. بۆ ڕەگەزی نێر.

ب. وێ بۆ نموونە: من وێ دبینم. بۆ ڕەگەزی مێ.

5. مۆرفیمی خستنەپاڵ:
أ.(-ێ) بۆ نموونە: کورێ من. بۆ ڕەگەزی نێر.
ب.(-ا) بۆ نموونە: کچا من.
١.شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست: زمانی کوردی لە ئەم شێوەزارەدا سیستەمی ڕەگەزی ڕێزمانیی (نیشانەو ئاماژەی نێرومێ لە کۆتایی ناوەکان)ی لەدەستداوە، بەو مانایەی کە وشەی (مامۆستا) یان (مانگ) نیشانەیەکی ڕێزمانییان پێوە نییە، کە ئاماژە بێت بۆ ئەوەی بڵێین ئەمە نێرە یاخود مێ (سۆرانی بەرەو زمانی بێلایەن ڕۆیشتووە لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە، بەڵام جیاوازییەکە گواستراوەتەوە بۆ ئاستی واتا)(مەحوی،٢٠٠٥، ٨٨). شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست، خاوەنی ڕەگەزی ڕێزمانیی نییە (وەک ئەوەی لە زمانی عەرەبی یان فەرەنسیدا هەیە، کە ناوەکان دەکرێنە نێرو مێ، لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت، کە جیاوازییەکانی ئاخاوتنی ڕەگەزیی لە زمانی کوردیدا جیاوازی ڕەگەزین واتە پەیوەندییان بە (ناوەڕۆکی قسە، هەڵبژاردنی وشە، ستایلی دەربڕین)ەوە هەیە، نەک بە یاسا ڕێزمانییەکانی زمانەکەوە.

### 2.5 هۆکارەکانی پەیدابوونی جیاوازیی شێوازی ئاخاوتنی ڕەگەزی

پەیدابوونی جیاوازیی لە شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێدا دەرەنجامی یەک هۆکار نییە، بەڵکو کارلێکی کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاوازە، کە لە جەستەوە دەست پێ دەکات و لە کلتووردا ڕەنگ دەداتەوە. دەتوانرێت ئەم هۆکارانە لەم خاڵانەی خوارەوەدا چڕ بکرێنەوە:

1.هۆکاری بایلۆجی و فیزیکی :هۆکارە زیندەزانییەکان وەک بنەمایەکی سەرەتایی بۆ جیاوازیی دەنگی نێر و مێ کار دەکەن، پیاوان بەهۆی ئەستووریی پەردەکانی دەنگیان و کاریگەریی هۆرمۆنەکان، خاوەن دەنگێکی گڕترن، لە کاتێکدا مێینەکان دەنگێکی زوڵاڵتر و بەرزتریان هەیە. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ئەم جیاوازییە فیزیکییە تەنها وەک دیاردەیەکی سروشتی نەماوەتەوە، بەڵکو بارگاوی کراوە بە ڕەهەندی ئەخلاقی، بۆ نموونە کچانی کورد لە تەمەنێکی زووەوە فێردەکرێن کە "دەنگی بەرز" نیشانەی کەمبوونی شەرم و حەیایە، ئەمەش وادەکات مێینە هەمیشە هەوڵی "نەرمکردن و نزمکردنەوەی" دەنگی بدات تاوەکو لەگەڵ وێنە کلتوورییەکەی خۆیدا بگونجێت، بەم پێیە جیاوازیە فیزیکییەکان دەبنە بنەمایەکی سەرەکی بۆ کۆمەڵگە لە پێدانی ڕەهەندی ڕەگەزیی

2.هۆکاری پەروەردە و فێربوونی کۆمەڵایەتی :پەروەردەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، لە داڕشتنی فەرهەنگی وشەسازیی تاکەکان بەپێی ڕەگەز. لە خێزانی کوردیدا، منداڵ لە ڕێگەی لاساییکردنەوە و ئەو دەربڕینانەی ئاراستەی دەکرێن، شوناسی زمانیی خۆی بەدەست دەهێنێت، بۆ نموونە دایکان بۆ کچان وشەی ناسک و سۆزداری وەک (نازدار، خاتوون، گوڵم) بەکاردێنن، بەڵام بۆ کوڕان وشەی هێز و پیاوەتی وەک (شێرە، پاڵەوان، پیاوی من) بەکاردێنن. بەپێی دیدگای د. محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠)، ئەم پرۆسەیە وادەکات مێینە لە گەورەبوونیدا پەنا بۆ زمانی (هاوسۆزی و پارێزگاری) ببات، لە کاتێکدا نێرینە زمان وەک ئامرازێکی (کێبڕکێ و سەلماندنی هێز) بەکاردەهێنێت.

3.هۆکاری دەسەڵات و پێگەی ڕەگەز :جیاوازیی شێوازی ئاخاوتن، ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی دابەشبوونی دەسەڵاتە لە ناو پێکهاتەی کۆمەڵگەدا. لە کلتوورێکی پیاوسالاردا، پیاو وەک خاوەن دەسەڵاتی بڕیاردەر دەردەکەوێت، بۆیە زمانی "فەرمان و بڕیار" بەکاردەهێنێت و مافی بڕینی قسەی بەرامبەری هەیە. بە پێچەوانەوە، مێینەی بۆ پاراستنی تەبایی و دوورکەوتنەوە لە ڕووبەڕووبوونەوە، پەنا بۆ زمانی (ناڕاستەوخۆ و دوودڵ) دەبات، وەک بەکارهێنانی دەربڕینی (پێم وابێ، ئەگەر زەحمەت نەبێت) . ڕۆبن لاکۆف (١٩٧٥) جەخت دەکاتەوە، کە ئەم شێوازە نیشانەی کورتهێنانی عەقڵی نییە، بەڵکو دەرەنجامی ئەو پێگە بێدەسەڵاتەیە

کە کۆمەڵگە بۆ ژنی دیاری کردووە و لە زمانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە.

4.هۆکاری کلتوور :بەها کلتووری و ئاینییەکان لە کۆمەڵگەدا، سنوورێکی توند بۆ فەرهەنگی ئاخاوتن دادەنێن، بۆ نموونە بەکارهێنانی جنێو یان زمانی زبر لەلایەن گەنجانی کوڕەوە وەک نیشانەیەک بۆ (پیاوەتی و گەنجێتی) تەماشا دەکرێت، بەڵام هەمان زمان بۆ مێینە بە (لادان لە ڕەوشت) دادەنرێت. ئەم دۆخە تەنانەت ڕەنگدانەوەی لە سوێندخواردن و نزادا بە ڕوونی دیارە، پیاوان زیاتر سوێند بە (شەرەف و غەیرەت) دەخۆن، لە کاتێکدا مێینەکان سوێند بە (نان و خوێ، گۆڕی ئازیزان، یان چاو) دەخۆن. بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە لە لایەن هەردوو ڕەگەز هەستی پابەندبوونیان بە دەربراوە زمانییەکان بۆ پارێزگاری لە پێگەی کۆمەڵایەتییان پێدەبەخشێت.

5.هۆکاری دەروونی و سەلماندنی ناسنامە :زمان تەنها ئامرازی پەیوەندی نییە، بەڵکو ئامرازی نواندنی ناسنامەیە، تاکەکان بە مەبەست شێوازێکی تایبەت لە ئاخاوتن هەڵدەبژێرن، بۆ ئەوەی ڕەگەزی خۆیان بسەلمێنن. پیاوی کورد لە ناو دیوانخان و کۆڕی پیاواندا هەوڵ دەدات زمانێکی قورس و پڕ لە پەندی بەکاربهێنێت تاوەکو پیاوەتیی خۆی وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتی بسەلمێنێت. ئەمەش جۆرێکە لە نواندنی زمانیی، کە تێیدا مرۆڤ بەو شێوەیە دەدوێت، کە ڕەگەزی خۆی لە چاوی بەرامبەرەکەیدا بونیاددەنێتەوە. (ئەم مەیلی نواندنە زمانییە لە لایەن پیاوی کوردەوە، نەک تەنها وەک ڕەفتارێکی تاکەکەسی، بەڵکو وەک قوتابخانەیەکی کلتووری لە ناو دیوانخانەکاندا دەبینرێت، کە تێیدا ئاخێوەر فێری بەکارهێنانی زمانێکی قورس و پڕ لە پەندی پێشینان دەبێت بۆ چەسپاندنی پێگەی خۆی).(فەتاح، ٢٠١٠، ٩٤)، (ئەمەش ڕێک ئەو وێنە کلتوورییەیە کە پیاو وەک بڕیاردەر و ژێر نیشاندەدات ). (ئەمین، ٢٠٠٤، ١٦٢).

6.دابەشکردنی کار: کارو پیشە جیاوازەکان لە خۆیدا یەکێکە لە ئەو هۆکارانەی، کە جیاوازیی شێوازی ئاخاوتن و فەرهەنگی وشەی جیاواز دروست دەکات، زمان بەپێی فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکانی وەک: پیشە، ڕەگەزی کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت. گروپە پیشەییە جیاوازەکان زۆرجار فەرهەنگە وشە و شێوازە ئاخاوتنی تایبەت بە خۆیان پەرەپێدەدەن، کە پەیوەستە بە چالاکییە پیشەییەکانیانەوە.( Wardhaugh, Ronald,2010,143)، بۆ نموونە جیاوازیی ئاخاوتنی زێڕەنگەرێک لە فیتەرێک و لە دکتۆرێک و لە مامۆستایەک جیاوازە، جیاوازیی ئەرک و کارەکانی ڕەگەزی نێرو مێ، وای کردووە فەرهەنگی وشەیان بگۆڕێت، بۆ نموونە ژن لە ناوماڵدا پەرەی بە ووردەکاری داوە، پیاو لە دەرەوە پەرەی بە زمانی زانیاری و بازرگانی داوە.

7.ئایین: ئایین کۆمەڵێک بەهای ڕەوشتی دەسەپێنێت، کە ڕاستەوخۆ لە ئاخاوتنی ڕەگەزەکاندا ڕەنگدەدەنەوە، بۆ ڕەگەزی مێ جەخت لەسەر چەمکەکانی (شەرم و ڕەوشت) دەکاتەوە ئەمەش وا دەکات، کە ئاخێوەری مێ پەنا بباتەبەر بەکارهێنانی زمانێکی کەمتر ڕاستەوخۆ لە دەربڕینەکاندا، لە ژێر کاریگەری ئاییندا خۆی لە ئەو وشانە دەپارێزێت، کە گوزارشت لە جەستە یان بابەتە تابووەکان دەکەن. لە بەرامبەردا، ئایین پیاو وەک بەرپرسیارو خاوەن بڕیار دادەنێت، ئەمەش لە بەکارهێنانی زمانێکی جێگیرو بڕیاردەردا ڕەنگدەداتەوە .(ئایین وەک یەکێک لە بگۆڕە کۆمەڵایەتییە گرنگەکان، ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە دیاریکردنی شێوازی ئاخاوتنی نێر و مێدا. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا، بەها ئاینییەکان زۆرجار وادەکەن، کە مێینە پەنا بۆ زمانێکی "پارێزراو" و "پڕ لە نزا" ببات، کە تێیدا دوورکەوتنەوە لە وشە زبرەکان و تابووە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە نیشانەی پابەندبوون بە بەها ڕەوشتییەکان. لە بەرامبەردا، ئایین بۆ نێرینە وەک سەرچاوەیەک بۆ بەهێزکردنی گوتارەکەی لە ڕێگەی "سوێند" و "بەڵێنە شەرعییەکانەوە" دەردەکەوێت، کە ئەمەش جیاوازییەکی ڕوون لە فەرهەنگی وشەسازیی نێوان هەردوو ڕەگەزدا دروست دەکات).(فەتاح، ٢٠٢٠، ١٤٢).

8. شێوازە پارێزراوەکان و تابوو: زۆرێک لە ئەو وشانەی پەیوەندییان بە جەستە یاخود غەریزەوە هەیە، بۆ ڕەگەزی مێ لە کلتوورە جیاوازەکاندا وەک تابوو دادەنرێن و ڕەگەزی مێ لە دەربڕیندا بەکاریانناهێنێت، لە بری ئەوە هەندێک وشەو دەربڕینی خواستن بەکاردەهێنێت، جنێو یان وشەی زبر لە ناو پیاواندا بەکاردەهێنرێت، ئاخاوتنی ڕەگەزی مێ زۆر پارێزراوترە، تەنانەت لە کاتی توڕەبوونیشدا پەنا بۆ (نزا) یان (نەفرەت) دەبەن لە بری جنێوی ڕاستەوخۆ (بۆ نموونە: ماڵت نەشێوێت، ڕۆژت ڕەش بێت). (یسپرسن) تابوو بە سەرەکیترین هۆکاری جیاوازیی لە نێوان قسەکردنی ژنان و پیاواندا دادەنێت، بەوەی هەر ڕەگەزێک خۆی بە دووردەگرێت لە بەکارئینانی وشەو دەستەواژەکانی ڕەگەزی بەرامبەر، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی وشەی نوێ لەسەر بنەمای ڕەگەز.(محەمەد،٢٠١٣، ٤٩).

9.شێوازی ئاخاوتن و قسەبڕین: ڕەگەزی نێر زیاتر قسەی بەرامبەر دەبڕن بۆ ئەوەی ڕای خۆیان بسەلمێنن یاخود دەسەڵاتی گفتوگۆکە بگرنە دەست، لە کاتێکدا ڕەگەزی مێ پەنا بۆدەستەواژەی پاڵپشتیی کورت دەبەن وەک (بەڵێ، ڕاستە، وایە...) بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە کە گوێگرێکی باشن و دەیانەوێت پەیوەندییەکە بەردەوام بێت. (تەرزەکانی نۆرەگۆڕینەوە بەپێی جۆری ڕەگەزی قسەکەر دەگۆڕێت، بە شێوەیەک تێبینی ئەوە دەکرێت، کە قسەکەری نێر زیاتر قسە بە قسەکەری مێ دەبڕێت، لە کاتێکدا لە ئاخاوتنی هاوڕەگەزەکاندا نۆرەگرتن ئاساییە.(محەمەد،٢٠١٣، ٦٢).

**2.6 ڕەگەز وەک بگۆڕیی ئاخاوتنی تاک**

لە لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتیدا، ڕەگەز هاوشانی بگۆڕەکانی تری وەک (تەمەن،شوێن، چینایەتی، ئیتنیک،...) مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، زۆربەی ئەم بگۆڕانەش کارکردنییان بە تەنها نییە و پێکەوە کارلێک دەکەن بۆ دەستنیشانکردنی جۆری ئاخاوتنی تاک، بۆیە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12304]
- **Submission Date:** [09/02/2026], **Revised Date:** [09/02/2026], **Accepted Date:** [17/03/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

دەکرێت ڕەگەز لەگەڵ هەریەکێک لە ئەو بگۆڕانەی تردا کارلێک بکات، بە ئەم شێوەیەی خوارەوە:

1.کارلێکی ڕەگەزو چینایەتی: ژنان لە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکاندا، زیاتر لە پیاوان مەیلیان بۆ بەکارهێنانی فۆرمە ستانداردەکان و زمانە باڵاکان هەیە، بۆ نموونە لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ژنێکی چینی مامناوەند لە ناو شاردا، زۆر زیاتر لە پیاوێکی هەمان چین پابەندە بە ڕێزمانی دروست و دەربڕینی پاراو، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە، کە ڕەگەزی مێ زیاتر زمان وەک ئامرازێک بۆ بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنن.( ژنان زۆرجار زیاتر لە پیاوان فۆرمی ستانداردی زمان بەکاردەهێنن، بەتایبەتی لە ئەو کۆمەڵگایانەی کە شێوەی قسەکردن پەیوەندی بە پێگەی کۆمەڵایەتییەوە هەیە).( Janet. 2013,161).

2.کارلێکی ڕەگەزو تەمەن: بەکارهێنانی زمان بەپێی تەمەن لە نێوان ڕەگەزەکاندا دەگۆڕێت، (کچانی گەنج زیاتر لە کورانی گەنج زمانەکەیان بەرەو مۆدێرنی دەبەن بۆ ئەوەی وەک تاکێکی ڕۆشنبیرو هاوچەرخ دەربکەون)(مەحوی، ٢٠٠٥،٢٢٦)، (هەریەک لە ئەو تەمەنانەی، کە تاک پێیدا تێپەڕدەبێت، سیفەتی زمانیی خۆی هەیە، تاکەکان ئەو یاسایانە دەزانن، کە لە هەر تەمەنێکدا بەکاردێت)(محمد،٢٠٠٩، ٧٤).

3. کارلێکی ڕەگەزو ئێتنیک:لە ناوچە فرە-ئێتنیکەکاندا، بگۆڕی ڕەگەز لە ژێر کاریگەری شوناسی نەتەوەییدا ڕەفتاردەکات، زۆرجار ڕەگەزی مێ وەک (پارێزەری زمانی دایک) ڕەفتاردەکەن، بۆ نموونە لە سیاقی کلتووردا ژنانی کورد لە ناوچە سنوورییەکاندا زیاتر لە پیاوان پارێزگاری لە وشە ڕەسەنە کوردییەکان دەکەن، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیاوان بە هۆی کارو بازارەوە زیاتر تێکەڵی زمانە تەکنشینەکان دەبن.(بڕوانە:مەعروف،٢٠١٠، ٨٧-٨٨).

4.چەمکی یەکتربڕینی بگۆڕەکان:

ڕەگەز بگۆڕێکی دابڕاو نییە، بە ئەو واتایەی کە ناتوانین بڵێین هەموو ڕەگەزی مێ وەک یەکتر دەدوێن، لێکدانەوەی ئەم چەمکە بەپێی تیۆرییەکەی پێنێلۆپی ئێکێرت (Penelope Eckert) پەرەی پێ دراوە، ئێکێرت جەخت دەکاتەوە، کە ژنان گروپێکی یەکدەست نین. ئەو دەڵێت بۆ تێگەیشتن لە زمانی ژن، دەبێت سەیری کۆمەڵگەی پراکتیک بکەین، واتە ئەو ژینگەیەی ژنەکە تێیدا دەژی و کار دەکات، نەک تەنها ڕەگەزەکەی. (Eckert,2017,19) بۆ تێگەیشتنێکی ورد لە زمانی ڕەگەز، بۆ نموونە زمانی مێ، ناکرێت تەنها لە ڕوانگەی ڕەگەزەکەیەوە بڕیاری لەسەر بدرێت، بەڵکو پێویستە سەیری ئەو چوارچێوەیە بکرێت، کە تێیدا دەژی، کار دەکات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا بونیاددەنێت. ئاستی ڕۆشنبیری، جۆری کارو ئەو گروپە تایبەتانەی تاک سەر بە ئەوانە، دەبنە هۆکاری دروستبوونی جیاوازیی گەورە لە نێوان ئاخێوەرانی هەمان ڕەگەزدا. کەواتە، زمان ڕەنگدانەوەی ئەو چالاکییە جیاوازانەیە کە مرۆڤ لە ژینگەیەکی دیاریکراودا ئەنجامیان دەدات، نەک تەنها وێنەیەکی جێگیر بۆ ڕەگەزێکی تایبەت. (ڕەگەز شتێک نییە کە تاک هەیبێت، بەڵکو شتێکە کە تاک ئەنجامی دەدات. بۆیە جیاوازیی زمانەوانی تەنها لە ڕەگەزەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لەو چالاکییە کۆمەڵایەتییانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە تاکەکان تێیدا بەشدارن. ژنان و پیاوان، زمانەکەیان بەپێی ئەو کۆمەڵگە پراکتیکییانە دەگۆڕێت، کە تێیدا دەژین و کاردەکەن) (Eckert & McConnell,2013,52) .

بۆ نموونە ژنێکی گوندنشین (بگۆڕی شوێن)، کە تەمەنی ٦٠ ساڵە (بگۆڕی تەمەن) و نەخوێندەوارە (بگۆڕی چینایەتی)، زمانەکەی زۆر جیاوازە لە کچێکی شارنشین، کە تەمەنی ٢٥ ساڵەو خوێندەوارە. لێرەوە تێدەگەین کاتێک دەڵێین ڕەگەزی مێ نەرمتر دەدوێن، دەبێت بپرسین کام مێ؟ لە چ تەمەنێکدا؟ لە چ چینێکی کۆمەڵایەتی؟ ناسنامەی مرۆڤ تەنها لە ڕەگەز پێکنەهاتووە، بەڵکو ڕەگەز لەگەڵ (تەمەن، چینایەتی، شوێن،ئێتنیک) یەکدەبڕێت و ناسنامەیەکی تایبەت بۆ تاک دروست دەکات. لێرەدا ئێمە تەنها لەبەردەم "ڕەگەزی مێ"دا نین، بەڵکو لەبەردەم مێینەیەکین، کە چەندین بگۆڕی تر کاریگەرییان لەسەری هەیە، بگۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کار لە زمان دەکەن و مرۆڤەکان وەک یەک گرووپی تاقانە نین، بۆ ئەوەی بزانین بۆچی ژنێک وەک ژنێکی تر نادوێت، دەبێت کاریگەریی ئەم بگۆڕانە لەسەر زمان شی بکەینەوە، (Eckert & McConnell) ئاماژەی پێ دەدەن، ناسنامەی جێندەری یەک پارچە نییە و لەگەڵ تەمەن و چین و شوێن یەکدەبڕێت ژنێکی گوندنشین لە ژینگەیەکدا دەژی، کە پارێزگاری لە فۆرمە ڕەسەن و کلاسیکییەکانی زمان دەکات. زمانی ئەو کەمتر کەوتووەتە ژێر کاریگەریی "زمانی ستاندارد" یان "زمانی تەکنەلۆژیا". بە پێچەوانەوە، کچێکی شارنشین زمانەکەی تێکەڵەیەکە، لە زمانی فەرمی و وشەی بیانی، ئەمەش وادەکات شێوازی دەربڕینیان تەواو جیاواز بێت. (نوێکارییە زمانییەکان زۆرجار لە ناوچە شارستانییەکان دەستپێدەکەن و دواتر بۆ ناوچەکانی دەوروبەر بڵاودەبنەوە) .(Trudgill,2000,74)هەروەک تەمەن کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر فەرهەنگی وشە هەیە. ژنێکی ٦٠ ساڵان ڕەنگە هێشتا پەنا بۆ پەندی پێشینان و نزای زۆر ببات، چونکە لە کلتوورێکی زارەکییدا گەورە بووە. بەڵام کچێکی ٢٥ ساڵان ڕەنگە زمانێکی کورت و براو و بێلایەن بەکاربهێنێت، چونکە زمانەکەی لەژێر کاریگەریی خێرایی سەردەمدایە. هەروەها خوێندەواری متمانەبەخۆبوون لە قسەکردندا دروستدەکات. ژنێکی نەخوێندەوار ڕەنگە زیاتر زمانی پارێزگاری و دوودڵی بەکاربهێنێت، لە کاتێکدا کچێکی خوێندەوار و خاوەن کار، زمانێکی زانستی و بڕیاردەر بەکاردێنێت کە زۆر کات لە زمانی پیاوان نزیک دەبێتەوە. لەسەر بنەمای بگۆڕەکان، کاتێک دەڵێین ڕەگەزی مێ نەرمتر دەدوێن، ئەمە بڕیاردانێکی گشتییە، چەمکی یەکتربڕین ئەوە شیدەکاتەوە، کە نەرمیی زمان لە ڕەگەزی مێدا مەرج نییە پەیوەندی بە ڕەگەزەوە هەبێت، بەڵکو دەشێت پەیوەندی بە کەمیی دەسەڵاتییەوە هەبێت، ژنێکی خاوەن دەسەڵات لە شاردا، ڕەنگە زۆر توندتر لە پیاوێکی هەژار لە گونددا بدوێت. لێرەدا پلەی کۆمەڵایەتیی زاڵ بووە بەسەر ڕەگەزدا.

### 3. نمایشکردنی ڕەگەز لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە (دیدگایەکی زمانەوانی کۆمەڵایەتی)

لە زانستی زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا، ئاخاوتن وەک چالاکییەکی ناسنامەسازسەیر دەکرێت. مرۆڤەکان تەنها بەو شێوەیە نادوێن، کە کێن، بەڵکو بەو شێوەیە دەدوێن کە دەیانەوێت کۆمەڵگە بیانبینێت. ئەم دیاردەیە لە ئاخاوتنی ژیانی ڕۆژانەدا بە ڕوونی لە چەندین ئاستی کارەکیدا ڕەنگدەداتەوە، جیاوازی ئاخاوتنی ڕەگەزیی، لە چەندین ئاستی زمان و بۆنەو دیاردەی کۆمەڵایەتی و دەربڕاوی جیاوازدا لە زمانی کوردیدا ڕەنگدەداتەوە، لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئەو ئاست و لایەنانەی، کە لە ئاخاوتندا دەرکەوتوون و بە نموونەی زمانی کوردی لە هەر بوارێکدا لێکدانەوەی بۆ دەکرێت:

#### 3.1 هەڵبژاردنی وشەو فەرهەنگ

هەڵبژاردنی وشە لە کاتی ئاخاوتندا، تەنها پرۆسەیەکی زمانەوانیی ڕووت نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ئەو پێگە کلتووری و کۆمەڵایەتییەیە، کە تاک تێیدا گەورەبووە. لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا، جیاوازیی نێوان فەرهەنگی وشەی نێر و مێ وەک یەکێک لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی ناسنامەی ڕەگەزیی سەیر دەکرێت. ئاخێوەران لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشەی دیاریکراوەوە، نەک هەر زانیاری دەگوازنەوە، بەڵکو ئاستی سۆزداری، دەسەڵات، و پابەندییان بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانەوە نیشان دەدەن. لە کاتێکدا فەرهەنگی وشەی نێرینە زۆرجار مەیلی بەرەو ڕاستەوخۆیی و ئەرکیی دەچێت، فەرهەنگی مێینە زۆرتر بە وردەکاری، سۆزداری، و نەرمیی دەناسرێتەوە. ئەم جیاوازییە لە زمانی کوردیدا بە ڕوونی لە بەکارهێنانی پاشگرە شیرینکارەکان، وەسفی ڕەنگەکان، و جۆری سوێند و تابووەکاندا دەردەکەوێت. ئەمە دەیسەلمێنێت، کە جیاوازیی فەرهەنگیی، بەرهەمی ئەو ڕۆڵە کۆمەڵایەتییانەیە، کە هەر ڕەگەزێک لەناو کلتووری کوردیدا دەیبینێت، کە تێیدا زمان وەک ئامرازێک بۆ نواندنی ناسنامەی نێرینە و مێینە بەکاردێت.

1. لە زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا، بەکارهێنانی وشەی سۆزداری و پاشگرەکانی شیرینکردن وەک یەکێک لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی ئاخاوتنی مێینە دەناسرێت. مێینەکان زۆرتر لە نێرینەکان پەنا بۆ ئەم جۆرە فەرهەنگە دەبەن، نەک تەنها بۆ دەربڕینی هەست، بەڵکو وەک ستراتیژییەک بۆ کەمکردنەوەی مەودای کۆمەڵایەتی و دروستکردنی کەشێکی هاوکاری. ئەم فەرهەنگە لە زمانی کوردیدا زۆر دەوڵەمەندە و پشت بە سیستەمی پاشگر و گۆڕینی بارستەی وشە دەبەستێت تاوەکو وشە ڕەقەکان بگۆڕێت بۆ وشەی نەرم و شیرینکراو، هەڵبژاردنی وشە لای تاک بەستراوەتەوە بە پێگەی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزیی، لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئاخاوتنی ڕۆژانەوە دەرکەوتووە، کە ڕەگەزی مێینە لە زمانی کوردیدا خاوەن فەرهەنگێکی دەوڵەمەندە لە بواری پەسنکردندا:

أ.بەکارهێنانی پاشگری بچوککردنەوەو ناسکردنەوە:

- (ۆڵە،یلە، کە...)، وەک ناسکۆڵە، جوانکیلە، شیرینۆکە، بوکۆکە،...هتد)

لەبەرامبەردا پیاوان وشە گشتییەکان بەکاردەهێنن، وەک ( بچوک،شیرین، جوان...هتد)

| بچووکردنەوە | ژن | پیاو |
|---|---|---|
| ۆڵە،یلە، کە و....هتد | ناسکۆڵە، جوانکیلە، شیرینۆکە، بوکۆکە،...هتد | بچوک،شیرین، جوان...هتد |

2. جیاوازیی فەرهەنگی ڕەنگەکان، یەکێکە لە دیارترین نیشانەکانی جیاوازیی ئاخاوتنی ڕەگەزیی، بە جۆرێک ڕەگەزی مێ خاوەن گەنجینەیەکی وشەیی دەوڵەمەندتر و وردترە لە ناونانی ڕەنگەکاندا، لە کاتێکدا ڕەگەزی نێر مەیلی بۆ بەکارهێنانی زاراوە بنەڕەتییە گشتییەکان (وەک: سوور، شین، سەوز) هەیە. ئەم دیاردەیە لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە بۆ پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوون دەگەڕێتەوە، کە تێیدا ژنان بەهۆی کارلێکی بەردەوامیان لەگەڵ بوارەکانی وەک (دیزاین، جلوبەرگ، و جوانکاری)، ناچارن پەنا بۆ وشەگەلی وردتر (وەک: پەمەیی کاڵ، پیازی، مارۆنی) ببەن، کە ئەمەش بەپێی "گریمانەی ساپیر-وۆرف "کاریگەریی لەسەر شێوازی تێگەیشتنی مێشک بۆ دەوروبەر دادەنێت. هاوکات، توێژینەوە فیزیۆلۆژییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەم توانایە ڕەهەندێکی بایۆلۆژییشی هەیە و پەیوەستە بە کرۆمۆسۆمی(X) ، کە وادەکات ئاخێوەرانی مێینە هەستیارییەکی باڵاتریان لە جیاکردنەوەی شەبەنگە نزیکەکانی ڕەنگدا هەبێت. (Abramov et al., 2012, 21) کەواتە، زمان لێرەدا تەنها ئامرازی ناونان نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی کارامەیی کلتووری و پێکهاتەی دەماریی تاکە لە ناو کۆمەڵگەدا. فەرهەنگی ڕەنگەکان لەلای ڕەگەزی مێ وردترو فراوانترن، ڕەگەزی نێر ڕەنگەکان بە گشتی دەبینن بە بێ جیاکردنەوەی وردەکاری، وەک (سوور، شین، ڕەش...)، بەڵام ڕەگەزی مێ وردەکاریی زیاتر لە ڕەنگەکاندا بەدیدەکەن، وەک (پەمەیی کاڵ، پیازیی، مارۆنی، شەرابی، ئەرخەوانی، شینی ئاسمانیی...هتد).

#### 3.2 دارشتنی ڕستە

1. دارشتنی ڕستە وەک یەکێک لە ئاستە گرنگەکانی شیکردنەوەی زمانەوانی، ڕەنگدانەوەیەکی ڕوونی جیاوازییەکانی ڕەگەزی پێوە دیارە. لە ڕوانگەی زمانەوانیی

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12304]
- **Submission Date:** [09/02/2026], **Revised Date:** [09/02/2026], **Accepted Date:** [17/03/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

کۆمەڵایەتییەوە، ڕەگەزی مێ مەیلی بۆ داڕشتنی ڕستەی پەیوەندیی بنیادنەر هەیە، کە تێیدا ڕستەکان درێژترن و پڕن لە وشەی وەسفی و هێورکەرەوە بۆ پاراستنی هاوسەنگیی سۆزداری لەگەڵ بەرامبەر. لە بەرامبەردا، ڕەگەزی نێر زیاتر پەنا بۆ داڕشتنی ڕستەی زانیاریی بەخش دەبات، کە تایبەتمەندە بە کورتی، ڕاستەوخۆیی، و بەکارهێنانی فۆرمی فەرمانی، بە ئامانجی گەیاندنی پەیامەکە بە کەمترین وشە و سەلماندنی پێگەی دەسەڵات لە گوتاردا. نموونە:

- چووم بۆ ئەو بازاڕە تازەیە لای ماڵی خۆمان و کراسێکی زۆر ناسکی پەمەیی کاڵم کڕی. (ڕەگەزی مێ)
- چووم بۆ بازاڕ کراسێکم کڕی. (ڕەگەزی نێر)

- ب. شێوازی داواکاریی ڕەگەزیی مێ، پەنابردنەبەر شێوازی ناڕاستەوخۆ یاخود شێوازی بەکارهێنانی (پرسیاری مەرجدار)ە، وەک (ئەگەر کارت نییە، یارمەتیم دەدەیت؟)، لە کاتێکدا پیاوان زیاتر فەرمانی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنن لە ئاخاوتندا، وەک (ئاوێکم بۆ بهێنە، ئەو کارە بکە، هەستە دانیشە...هتد)، کە ئەمەش نیشانەی ڕەنگدانەوەی باڵادەستیی ڕەگەزی نێرە لە بونیادی خێزان و کۆمەڵگەدا. نموونە:
- ئەگەر زەحمەت نەبێت، پەرداخێک ئاوم بۆ دێنیت. (ڕەگەزی مێ)
- پەرداخێک ئاوم بۆ بێنە.(ڕەگەزی نێر)
- دەتوانیت کەمێک هاوکاریم بکەیت لەم کارەدا. (ڕەگەزی مێ)
- وەرە یارمەتیم بدە لەمەدا. .(ڕەگەزی نێر)

پ. بەکارهێنانی شێوازی کلکە پرسیار لە کۆتایی ڕستەدا لەلایەن ڕەگەزی مێ بۆ دڵنیابوونەوەو کەمکردنەوەی مەودای کۆمەڵایەتی، وەک(ئەمڕۆ زۆر گەرمە، وانییە؟)، لە کاتێکدا ڕەگەزی نێر کەمتر پێویستی بە ئەم شێوازی پشتڕاستکردنەوەیە هەیە. نموونە:

- ئەمڕۆ هەواکە زۆر ساردە، وانییە؟ (ڕەگەزی مێ)
- ئەمڕۆ زۆر ساردە. (ڕەگەزی نێر)

ت. بۆنەو بوارە کۆمەڵایەتییەکان،جیاوازیی ئاخاوتنی نێر و مێ لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕۆڵە جیاوازانەیە کە کۆمەڵگە پێیان دەبەخشێت. ڕەگەزی مێ زمان وەک ئامرازێکی سۆزداری و پەیوەندیی بەکاردەهێنێت، بۆیە لە بۆنەو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا پەنادەباتە بەر ڕستەی درێژ، وەسفی ورد و وشەی ناسک بۆ نیشاندانی هاوسۆزی و نزیکبوونەوە. لە بەرامبەردا، ڕەگەزی نێر زمان وەک ئامرازێکی ئەرکی و فەرمی دەبینێت، بۆیە ئاخاوتنی لەم بۆنانەدا کورت و براوە و ڕاستەوخۆیە، بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکە بە کەمترین وشە. لەبەر ئەوەی بۆنەو بوارە کۆمەڵایەتییەکاندا زۆر فراوانە، لەبەر سنووری توێژینەوەکە تەنها چەند بۆنەیەک وەردەگرین، کە بریتیین (سڵاوکردن و هەواڵپرسین، دوعاو نزا، پرسە).

### 3.2.1 سڵاوکردن و هەواڵپرسین:

ڕەگەزی مێ ئەم دەستەواژانە (یەکێک یان زیاتر) بەکاردەهێنن، بۆ نموونە:

(سڵاو، جەرگت نەسوتێت، کوڕت نەمرێت، بە دایکی کوڕبیت، خوا چاکت بۆ بکات، مرازت حاسڵ بێت، ڕووسووربیت....هتد)

لەکاتی داڕشتنی ڕستەو ئاخاوتنەکانیشدا زیاتر دەچنە ناو وردەکاری و فراوانکردنی گفتوگۆکانەوە، وەک: سڵاو گوڵەکەم، چۆنیت؟ گیانەکەم زۆر دیار نیت، ماڵەوە و منداڵەکان باشن؟

ڕەگەزی نێر ئەم دەستەواژنە بەکاردەهێنن، بۆ نموونە:

(سەلامو عەلەیک، مەرحەبا، چۆنیت، خوا قوەتت بدات، سەلامەت بیت، ماڵەوە چۆنن... هتد)

لە کاتی گفتوگۆکانیشدا کەمتر دەچنە ناو وردەکارییەکان و بە مەبەستی گەیاندنی پەیامەکە چەند وشەیەکی سنووردار بەکاردەهێنن، وەک: سڵاو کاکە، باشیت؟ ماڵەوە چۆنن؟"

### 3.2.2 دوعاونزا:

ڕەگەزی مێ ئەم دەستەواژانە لە ناو دوعاو نزاکانیاندا بەکاردەهێنن، بۆ نموونە:

(لە چاوی پیس و ناپاک بەدووربیت، خودا بیکاتە سێبەری سەرت و هەرگیز نەتخاتە ژێر باری منەت، ڕوو سپی بیت لە دونیا و قیامەتدا، خودا دەرگای خێرت لێ بکاتەوە، بمێنیت بۆمان، خودا وەک گوڵی بەهار گەنجت بکاتەوە و تەمەن درێژ بیت، ڕۆڵەکانت بێوەی بن، مەرگی ئازیزت نەبینیت....هتد)

لە بەرامبەردا ڕەگەزی نێر ئەم دەستەواژانە وەک دوعاو نزای خێر یەکاردەهێنن، بۆ نموونە:

(خوا پاداشتت بداتەوە، خوا لێت ڕازی بێت، ماندوونەبیت، سپاردەی خوابیت، سەرکەوتووبیت، خوا یارمەتیت بدات...هتد)

### 3.2.3 پرسە:

بۆ دەربڕینی هاوخەمی لە پرسەکاندا ڕەگەزی مێ زیاتر ئەو دەستەواژانە بەکاردەهێنێت، کە پەسنی دڵ و دەروون و داواکردنی سوککردنی خەمەکە دەکات، بۆ نموونە:

(خوا هێزو تاقەت بداتە ئەودڵە پڕ خەمەت، خودا سەبوری دڵ و دەروونت بدات، خودا ئاوی بە ڕەحمەت بە دڵتاندا بکات، خودا بە

فیردەوسی شادبکات، لەگەڵ نوری خودا چاو هەڵبێنێت، دەستم بشکێت، چاوم کوێربێت، خودا ڕووی شادیتان پێنیشانبداتەوە، چاو بە فرمێسک نەبن، هەر ئەمەتان لە بیربێت، قەبرو قیامەتەکەی فەرەح بێت، دوا شکستتان بێت...هتد)

بۆ دەربڕینی هاوخەمی لە پرسەکاندا ڕەگەزی نێر زیاتر ئەو دەستەواژانە بەکاردەهێنێت، کە کورتترین فۆرم وەردەگرێت بۆ نیشاندانی خۆڕاگری، بۆ نموونە:

(خوا سەبوری بدات، جێگەی بەهەشت بێت، دوا ناخۆشیتان بێت، جێگەی داخە، خودا بە بەهەشتی شاد بکات، عەمری درێژی بۆ ئێوە(تۆ) بەجێهێشتبێت....هتد).

**4. ئەنجام**

1.گەشەی ڕەگەز پرۆسەیەکی بەردەوامە کە تێیدا مرۆڤ لە نێوان 'سەپاندنی کلتوور' و 'هەڵبژاردنی کەسی'دا زمانەکەی دادەڕێژێتەوە. زمانی کوردی لە سەردەمی ئێستادا لە قۆناغی گواستنەوەدایە، لە زمانی پیاوسالاریی مێژووییەوە بەرەو زمانێکی هاوسەنگتر کە تێیدا ڕەگەز نەک وەک سنوور، بەڵکو وەک شوناسێکی دەوڵەمەند دەردەکەوێت.

2. زمان وەک ئامرازێکی بونیادنەری ناسنامە کاردەکات بەو مانایەی کە تاکەکان لە ڕێگەی هەڵبژاردنی وشە و ئاوازی دەنگیانەوە، شوناسی ڕەگەزیی خۆیان لە ناو کۆمەڵگەدا دەنوێنن و دەسەلمێنن.

3. هەرچەندە تیۆری زگماکی جەخت لەسەر جیاوازییە فیزیکییەکان دەکاتەوە، بەڵام گۆڕانی زمانی مێینەی کورد لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا ئەوە دەسەلمێنێت کە "ڕەگەزی کۆمەڵایەتی" ،کاریگەریی گەورەتر و ڕیشەییتریان هەیە لەسەر گۆڕینی شێوازەکانی ئاخاوتن.

4. جیاوازییە زمانییەکان لە هەموو ئاستەکانی زماندا (دەنگسازی، وشەسازی، ڕستەسازی، و واتاسازی) ڕەنگیان داوەتەوە. ئەم جیاوازییانە تەنها وەسفی نین، بەڵکو زۆرجار ڕەنگدانەوەی ئەو نایەکسانییەی دەسەڵاتن کە لە گوتاری باودا بوونی هەیە، وەک ئەوەی لە تیۆری "کورتهێنان"ی ڕۆبن لاکۆفدا ئاماژەی پێ کراوە.

**سەرچاوەکان**

**یەکەم: بە زمانی کوردیی**

**أ.کتێب**


- ئەمین، وریا عومەر (٢٠٠٤). ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر: بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.
- حسێن، ئەحمەد حەمە (٢٠١٨). زمان و جێندەر لە گوتاری کوردیدا: توێژینەوەیەکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییە .سلێمانی: ناوەندی ڕێنوێن
- زرار، نەسرین محەمەد (٢٠١٢). کۆمەڵناسیی زمان: پەیوەندیی نێوان زمان و کۆمەڵگە .هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- فالح، محەمەد (٢٠١٢). زمان و کۆمەڵگە . چاپی یەکەم، هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.
- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠٠٥). زمانەوانی .سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
- فەتاح، محەمەد مەعروف (٢٠١٠). زمانەوانیی کۆمەڵایەتی. هەولێر: بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی.

ب.نامەی ئەکادیمی

- محەمەد، پێشکەوت مەجید (٢٠١٣). ڕەگەز لە ڕوانگەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە،نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

پ. لێکۆڵینەوەی بڵاوکراوە لە گۆڤارەکاندا

- مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا، ژینۆ نزار احمد(٢٠٢٣)، جێندەر لە فەرهەنگ و مۆرفۆلۆجی شێوەزاری هەوراميدا، گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە، ژمارە(٨).

دووەم: بە زمانی عەرەبی:

- أبو رياش، حسين محمد (٢٠٠٦) .علم النفس المعرفي .عمان: دار المسيرة للنشر والتوزيع.



- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12304]
- **Submission Date:** [09/02/2026], **Revised Date:** [09/02/2026], **Accepted Date:** [17/03/2026], **Published Date:** [31/03/2026]

- حسين، وفاء عبد الوهاب (٢٠٢٣) .تأثير النوع الاجتماعي في التفاعل اللغوي .مجلة كلية الآداب، جامعة بغداد.
- عبد الحميد، شاكر (١٩٩٨) .العملية الإبداعية في فن التصوير .الكويت: عالم المعرفة.
- القرآن الكريم، سورة آل عمران.
- عياش، هدية محمد. (٢٠٠٣). دراسات في اللسانيات الاجتماعية: اللغة والجنس. القاهرة: دار الفكر العربي.

*سێیەم: بە زمانی ئینگلیزیی:*

- Abramov, I., Gordon, J., Feldman, O., & Chavarga, A. (2012). Sex & vision I: Spatio- temporal resolution. Biology of Sex Differences, 3(1), 20
- Brizendine, L. (2006). The female brain. Morgan Road Books.
- Eckert, P., & McConnell-Genet, S. (2013). Language and gender (2nd ed.). Cambridge University Press.
- Eckert, P., & McConnell-Genet, S. (2021). Language and gender (3rd ed.). Cambridge University Press.
- Lakoff, R. (1975). Language and woman's place. Harper & Row.
- Zappa Vigna, M. (2021). The grammar of social media: Constructing identity online. Cambridge University Press.
- Holmes, Janet. 2013. An Introduction to Sociolinguistics. Routledge


## المستخلص


من منظور علم اللسانيات الاجتماعية، لا يُعدُّ النوع الاجتماعي مجرد تقسيمٍ حيويٍّ بين الذكر والأنثى، بل يُنظر إليه كـ "متغيرٍ اجتماعيٍّ "له تأثيرٌ مباشرٌ على الاختيارات اللغوية وأنماط التحدث. وفي حين يشير "الجنس" إلى الفوارق الجسدية، فإن "النوع الاجتماعي "يمثل مفهوماً ثقافياً واجتماعياً يعكس الأدوار والهويات التي يحددها المجتمع للأفراد. فاللغة ليست أداةً محايدةً، بل هي مرآةٌ تعكس موازين القوة والعلاقات الاجتماعية؛ ومن هذا المنطلق، تُفسَّرُ تباينات الخطاب القائمة على النوع كنتيجةٍ لعملية "التنشئة الاجتماعية"، أي أن الأفراد يتعلمون عبر اللغة كيفية تجسيد هويتهم الاجتماعية.

تتبنى هذه الدراسة رؤيةً لسانيةً اجتماعيةً، ضِمْن إطار النظريات اللسانية الاجتماعية، لتقصي ظاهرة "تباين الخطاب القائم على النوع "ضمن بنية الخطاب في المجتمع الكردي. وتتمحور إشكالية البحث حول السؤال الآتي: إلى أي مدى يعمل "هوية النوع "كمتغيرٍ اجتماعيٍّ يؤثر في شكل المضمون اللغوي وبنيته؟ وبالاعتماد على المنهج الوصفي التحليلي، تسلط الدراسة الضوء على نماذج حيةٍ من اللغة الكردية في مستويات متعددة :الأصوات، الصرف، والدلالة .وتشمل تفاصيل هذا التحليل دراسة استراتيجيات الطلب (غير المباشر مقابل المباشر)، وأنماط القسم، ومعجم التحايا والتعازي.

تُشير أهم نتائج الدراسة إلى أن الفوارق اللغوية ليست مجرد انعكاسٍ للاختلافات الحيوية، بل هي تعبيرٌ عن "المكانة الاجتماعية "و"الأدوار الجندرية" ضمن الثقافة الكردية. كما أظهرت النتائج نزوع الإناث نحو استخدام الألفاظ الوصفية والعاطفية، بالإضافة إلى لواحق التصغير والتحبب، في حين يتجه خطاب الذكور نحو المباشرة والوظائفية اللغوية. وتخلص الدراسة إلى أن اللغة في المجتمع الكردي تُعدُّ أداةً جوهريةً لبناء الهوية الاجتماعية وترسيخ التمايزات القائمة على النوع.



الكلمات المفتاحية: (النوع الاجتماعي، اللغة الكردية، التمثيل الجندري).


## Abstract


From a sociolinguistic perspective, gender is not merely a biological division between male and female; rather, it is viewed as a "social variable" that exerts a direct influence on linguistic choices and speech patterns. While "sex" refers to biological and physical differences, "gender" is a cultural and social construct that encompasses the roles and identities assigned to individuals by society. Language is not a neutral tool; it serves as a mirror reflecting power dynamics and social relations. In this context, gender-based speech variation is interpreted as a product of the socialization process, meaning that individuals learn through language how to perform and project their gender identity. This study adopts a sociolinguistic approach, within the framework of sociolinguistic theories, to investigate the phenomenon of "gender-based speech variation" within the discourse of Kurdish society. The central research problem revolves around the extent to which "gender identity," as a social variable, impacts linguistic form and content. Utilizing a descriptive-analytical method, the research highlights lived examples of the Kurdish language across multiple levels: phonological, morphological, and semantic. Specific details of this analysis include examining request strategies

Kurdish society is a fundamental instrument for constructing social identity and reinforcing gender distinctions.

Keywords:(Gender, Kurdish Language, Gender Representation).

(indirect vs. direct), patterns of swearing/oaths, and the lexicon of greetings and condolences.

The most significant findings of this study indicate that linguistic differences are not merely reflections of biological traits, but rather expressions of "social status" and "gender roles" within Kurdish culture. The results demonstrate that females tend to use more descriptive and emotional vocabulary, as well as diminutive/affective suffixes, whereas male speech leans toward directness and referential functionality. The study concludes that language in

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [1], **Issue:** [1], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12304]
- **Submission Date:** [09/02/2026], **Revised Date:** [09/02/2026], **Accepted Date:** [17/03/2026], **Published Date:** [31/03/2026]